چوار ملیۆن دیناری عێراقی دەدرێتە هەر خێزانێکی ئاوارەی شەنگال کە بەم دواییە گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان

وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاند، چوار ملیۆن دینار دەدەنە هەر خێزانێکی ئاوارەی شەنگال کە بەم دواییە گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان.

لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقدا هاتووە، هەر خێزانێک بگەڕێتەوە زێدی خۆی لە شەنگال بۆی چوار ملیۆن دیناری پێدەدرێت و بە پارەکەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەم دواییە گەڕاونەتەوە شارچکەکە.

ئەوەشخراوەتەوە، ئەم هاوکارییە بە هاندانی ئەو خێزانانەیە کە لە کەمپەکانن، بگەڕێنەوە زێدی خۆیان بۆ لەداخستنی کەمپەکان.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەشکراوە، ئەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان، دەچنە چوارچێوەی یارمەتییە بەردەوامەکانی حکومەتی عێراق لەڕووی دارایی و فریاگوزاریی.

ئەمەش لە کاتێکدایە، بەیارە حکومەتی عێراق لە 30ی تەمووزی 2024 کەمپی ئاوارەکان دابخات.